عەلی قەرەداغی داوا دەکات کە لوبنان و غەززە نەبنە "نەچیر" بە نەتەنیاهە و ئیسرائیل



سەرکی یەکەتیی جیهانی زانایانی موسەمان، عەلی قەرەداغی ڕایگەیاند کە پەویستە لوبنان و غەززە وەک "نەچیرەک" بە ئیسرائیل، بەجێ نەهێڵدرێن و داوای کرد کە هەمووان یەکریزبن دژ بەو کارەی کە سەرکۆزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهو و هاوڕانی ئەنجامی دەدەن.

ئەمەش دوای ئەوە دێت ئەمە دووشەممە، فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل زنجیرەیەک هەرشیان کردەسەر ژمارەیەک ناوچەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی لوبنان و لە ئاکامدا، 50 کەس کوژراون و 300 کەسی دیکەش بریندار بوون.

عەلی قەرەداغی لە ڕاگەیاندراوەکدا ئاماژەی بەوداوە: "ئەوەی ئەمە لە لوبنان ڕوودەدات کە بەهەیەو خانووی هاووڵاتیان ڕووخاوە و خەڵکی زێری مەدەنی کوژراون، دەستدرێژیەکی ترسناکانە و بە شەرمە"، ڕاشیگەیاندووە: "ئەوەش بەشێکە لە سیاسەتی ناتانیاهو و دارودەستە ڕاستاوە توندئاژەکانی بە فراوانکردنی ئیسرائیل لە قودس، کەناری ڕۆژئاوا، غەززە و بەشێک لە خاکی لوبنان و ئوردن دەگرێتەوە".

باسی لەوەشکردووە: "ناکەکی ئەمە لەگەڵ سیاسەتی هەندێک لایەنی لوبنان یان فەڕەنسیین، مافی ئەوەمان پەنادات کە پاڕپشتی لە هەر دەستدرێژیەک بکەین کە گەلان بکاتە ئامانج، هەروەها نابێت بە هەرشکردنە

سەر گەلانی لوبنان و فەلەستین لەژێر هیچ بیانوویەکدا، دەخەش بین".

ئەوشی خستووەتەووو: "بە ئەمە دروست نییە کە لوبنان یان غەززە وەک نەچیرەکی ئاسان بە ئامانجکردن و دابەشبوون ، لە پەناو ناکۆکیی تائیفی یان سیاسیدا بەجێبهێلین، چونکە دوژمن لە لە جینەسایدکردنی موسەمانان، و هەرکەسێک لەگەڵیان نەبێت دژی جوولەکە بێت، جیاوازی ناکات".

هەروەها سەرکی یەکێتیی جیهانی زانایانی موسەمان، عەلی قەرەداغی ڕاشیگەیاندووە: "ئەوەی لە شەریعەتدا داوایکراوە، ئەوەیە کە هەمووان دژبە پەژەی زایەنی لە وڵاتەکدا، یەکگرتووبن".

داوایشی کردووە کە لووتکەیەکی عەرەبی ئیسلامی بەپەلە بە تاوتوەکردنی دەستدرێژیەکانی زایەنی ئیسرائیل بە سەر غەززە و لوبنان، ئەنجام بدرێت.

عەلی قەرەداغی ئاماژەی بەوەشداوە: "عەرەب و موسەمانان، کارتەکی زەریان هەیە کە دەتوانن بە وەستاندنی دەستدرێژیەکانی زایەنی بە سەر غەززە و لوبنان بەکاری بهێنن، لەوانەشە گەیاندنی بەینی نەوت و غاز، پچڕانی پەیوەندیە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ قەوارەی زایەنی".